# کێشەی میزی ژنانیش چارەسەر دەکرێت

تامان شاکر

چەند بابەتێکم چ وەك رەخنەو چ وەك پێشنیار نووسیوەو هەزاران بابەتی تریش نووسران و خەڵك خامەی بۆ هەڵگرت و زووخاوی دەرونیان هێنایە سەر کاغەز و بە گوێی لاپەڕەی رۆژنامەکانیاندا چرپاندو بە بەرچاوی دەیان بەرپرسیش تێپەری و هیچ ئەنجامێکێشی نەبوو!

بەلآم رەوتی ژیان جگە لە خەبات و ووردبوونەوە هیچ مانایەکی تری نییە. مێرووله سەدان جار لە هەورازێك بەردەبێتەوە و کۆڵنادات مرۆڤی نەتەوەیی و ولآتپارێز نابیٚ خۆی لە و بوونەوەرە بە کەمتر بزانیٚ.

(ژنانیش میز دەکەن) سەردێڕی بابەتێك بوو هاوکات لە رۆژنامەی میدیا و ئالآی ئازادیدا بلآوکرایەوە، بەهۆی ئەو نووسینەوە ئەگەرچی لە زۆر لایەنەوە دەستخۆشیم لێکرا هاوکات بە چەند ئیمەیلی نەیاران و ئەوانەی دژی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردین، بە توندی بە گژمدا چوونەوەو تەنانەت هەڕەشەشیان لێکردم، بەلآم بە حیسابی کاڵفامی و خراپی کیبۆردەکەیانم بەخشی و بە جنێو فرۆشم نەزانین وبیرم لەوە دەکردەوە کە دەڵێن" من نەسووتێم تۆ نەسووتێی کیٚ ئەو رێگایە رووناك بکاتەوە".

دواتر کە بەیەکجاری گەڕامەوە کوردستان زۆر چاوم گێڕا هێشتا لەشەقامەکانی ناوەندی پایتەختی کوردستاندا شوێنێك بۆ میزکردنی ژنان یان ئافرەتان دەستنیشان نەکرابوو، ئەی ئەگەر پیرەژنێك چوڕەمیزکەی هەبوو خۆی پێنەگیرا تا دەگاتەماڵەوە لە ناوەندی بازاڕدا بوو دەبێت قوڕی کویٚ بەسەر خۆیدا بکات؟

دەیان سەنتەر و رێکخراوی ئافرەتان و ژنان کە لەیادەکاندا تەنیا بە بەخشینەوەی دیاری، ژنان فێری دانشۆردن دەکەن، بڵێی هیچیان بەرۆکی کاربەدەستانی شارەوانی نەگرن هەتا بەحورمەتی ئەو هەموو رێزگرتن و قسە بریقەدارەی کە لەهەشتی مارسدا دەیکەن، ئاودەستێکیش بۆ ئەوانە دروست بکەن کەلەراستیدا بە زەعیفەیان دەناسن !

ئەو ناوەندە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانە کە هەرکامیان خاوەنی دەیان سمینارو سەدان کۆڕو کۆبوونەوەن بڵێی ئەوا دوور بڕوانن کە بەرپێی خۆیان نەبینن ؟

ئەگەر چەند پردو چەند شەقامێکی دووساید لەپایتەختدا دروست کراوەو سیمای شارەکەی رازاندۆتەوە، خەڵکی بە چاکە باسیدەکەن، خۆ ئەگەر ژنێك لەنێو بازاردا خۆی تەڕکرد ئایا ئەوە بەسەر هەموو ئەو رێکخراوانەدا ناشکێتەوە کە بە تایبەتمەندیەکانی ژنان و ئافرەتانیش شارەزان؟

ئایا ئەوە تووشی عەیبەمان ناکات  کە رۆژنامەنووسێکی بیانی لەنێو مزگەوتی پیاواندا دەبێتە پاسەوانی خاتوونێکی هاوکاری تا لەمیزکردن دەبێتەوە؟ ئەو رووداوە  لە راگەیاندنی وڵاتەکەی خۆیدا بڵاو دەکاتەوە و میدیاش بە ناچاری وەریدەگێڕێتە سەر زمانی کوردی.
ئایا ئەگەر بەڕێوەبەری یەکێك لەهەر چوار شارەوانیەکەی پایتەخت ژن بوایە خەمێکی لە ئافرەتانی تەنگەتاوی نێو بازاڕ دەخوارد کەچەندین کیلۆمەتر لەماڵەکەی دوورکەوتۆتەوە تا بازارێك بکات؟
ناچار بۆ ئەم مەبەستە سەردانی  سەرۆکی شارەوانی( 1)ی هەولێرم کرد  تاوەکو ئاوڕێك لەو کێشەیە بداتەوە .
ئەندازیار زیاد مستەفا عەبدوڵلا بەڕێوەبەری  شارەوانی( 1)ی  هەولێر دەڵێت "مزگەوتەکان شوێنی خواپەرستین شوێنی ئەوە نین خەڵك بۆ پێویستیەکانی خۆیان بەکاری بێنن. ئامانجی من ئەوەیە مزگەوت تایبەت بکرێت بۆ ئەو کەسانەی نوێژی تێدا دەکەن، بەرنامەمان هەیە چەند شوێنێك دروستبکەین بۆ پێویستی ژنان و پیاوان، پلانەکەشی تەواو بووەو دوای پشووی نەورۆز دەست پێدەکەین ".
ئەندازیار زیاد مستەفا لەدرێژەی قسەکانیدا شوێنی ئاودەستخانەکانیشی دیاریکردو  گوتی" 3 شوێن بۆ قۆناغی یەکەم لەبەر چاو گیراوە، یەکێکیان دەکەوێتە بەرامبەر زێڕینگەران و یەکێك لەنێو باخی شارەو شوێنێکی تریش محاویلەی کارەبای تێدایەو پاش نەورۆز دەگوازرێتەوەو راستەو خۆ دەستپێدەکەین".
بەڕێوەبەری  شارەوانی( 1)ی  هەولێر لەبارەی سپاردنی ئەو شوێنانە بە بەڵێندەران دەڵێت " ئەوە شتێکی نوێیە هەتا ئێستا نەکراوە، بۆیە هیچ سەرمایەدارێك نەیوێراوە ئەوە بکات مەترسی ئەوەی هەیە قازانج نەکات، دەنا ئێمە ئامادەین بۆ ماوەی بیست تا بیست و پێنج ساڵ گرێبەستی لەگەڵ ئیمزا بکەین و داهاتەکەشی بۆ خۆی بێت".
زۆرن ئەوانەی بە مەبەستی خێرخوازی سەدان مزگەوتیان لە ناو شاری هەولێردا دروست کردووە، زۆربەی بە مەبەستی خۆدزینەوە لەباجدان بەحکومەت، بیریان لەوە نەکردۆتەوە چەند ئاودەستێك دروست بکەن یان بە کارێکی خێرخوازییان نەزانیوە.